# ئەمان السيد




**من وەك چیرۆكم لە تێڕامان، بۆیە چیرۆك دەنووسم**
**نزار قەبانی زیاتر لە ژن لە ئێمە گەیشتووە**
**زۆرجار پیاوان زیاتر لە خۆمان، گوزارست لە ناخمان دەكەن**
**ئەدەبی كوردی دەخوێنمەوە، ئەدەبێكی روونە زوو دەگاتە دڵ**
**بە هەموو حوزنەكانی محەمەد ماغوت سەرسامم**
**سەلیم بەرەكات لە غەیبەوە وشە دادەتاشێت**

**ئامادەكردنی : فەیسەڵ خەلیل**

پێشتر هەندێك لە چیرۆك وشیعرەكانیم خوێندبووە، هەر كە یەكترمان ناسی، دوای چەند قسەیەكی كورت لە سەر كارەكانی، سادەییەكەیم بە هەل زانی، بێ دوو دڵی داوای دیمانەیەكم لێكرد، ئەویش پێی خۆش بوو، بەڵام نیگەران بوو، لەوەی كوردی نازانێ، چۆن لەوە دڵنیا بێت، قسەكانی بە ئەمانەتەوە دەگوازرێنەوە، وتی" ئەگەر بە ئینگلیزی بێت، ئێستا ئامادەم دیمانەكە بكەین، بەلام كوردی نازانم، حەز دەكەم دواتر دیمانەكەی خۆم بخوێنمەوە، ئەوە چۆن دەكرێت، ئەگەر بە كوردی بێت؟"، دوای ماوەیەك ئەو داوایەم لێكردەوە، ئەویش بڕوای بەوە هێنا بۆچوونەكانی لە سەر ئەدەب بخاتە روو، ئامادەی وەڵامی پرسیارەكان بوو.

ئەمان سەید یەكێكە لەو ژنە عەرەبانەی كە لە چەندین بوار كار دەكات، دیارترینیان چیرۆكنووسینە، دوا كۆمەڵ چیرۆكی لە قاهیرە بڵاوكرایەوە، بە ناوی (قەدرم وابوو وەك ئافرەت لە دایك بووم)، ئەمان لە شارە جوانەكەی لازقیەی سوریا لە دایكبووە، بەكالۆرۆیسی لە زمان و

ئەدەبی عەرەبی وەرگرتووە، دواتر دیبلۆمی لە بواری پەروەردە لە کولیژی پەروەردە وەرگرتووە، جاران بێژەری تەلەفزیونی تەرابلس بوو، دواتر روو دەکاتە دوبەی وئێستاش لەوێ مامۆستای زمانی عەرەبییە، ئەمان جگە لە بلاوکردنەوەی شیعر وچیرۆك، کاری راگەیاندنیش دەکات، ئێستا لە هەر یەکە لە رۆژنامەی خەلیج کە لە شاریقە دەردەچێت و رۆژنامەی الشرق کە لە قەتەر دەردەچێت، ئەندامی دەستەی نووسەرانە.

ئەمان چیرۆکەکانی زۆر بە سادەیی دەنووسی، نازناوی سادەشیان بۆ دەنووسی، ئەگەرچی لە سەردەمی تەکنەلوژیادا، قسە لە سەر مەرگی چیرۆك دەکرێت، وەك رەخنەگرێکی عەرەب دەلێت" باوی چیرۆك نووسین نەماوە، چیرۆکی عەرەبیشش تووشی نەخۆشی هاتووە"، بەلام ئەمان چیرۆك بە چاکترین ژانری ئەدەبی دەزانێت بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانی، ئەمان بۆ سڤیل وتی"چیرۆك هونەرێکە لە قولبوونەوە وچڕبوونەوە، چیرۆك لە پێکهاتەی من دەچێت وەك مرۆڤێك، بە ناخی تێڕامان قولدەبێتەوە، لە جیاکاری دەگەڕێت، بە بڕوای خۆم هەر لە گەلێ بوونەوە، من دەنووسم، بەلام دواجار کۆمەلە چیرۆکی(قەدەری من وابوو وەك ئافرەتێك لە دایك بم) بلاوبووە، وەك خونچەیەکی پاك بوو، لە سەر لاپەڕەکان".

ئەو کۆمەلە چیرۆکەی ئەمان، روو بەرووی چەندین پرسیاری کردەوە، هەندێك پێیانوابوو، ناونیشانەکە، لاوازی و تەسلیم بوونی ژنێکی پێوە دیارە، بەلام ئەمان وای نابینێ، ئەمان لە بارەی کۆمەلە چیرۆکەکەی خۆی وتی"ناونیشانەکە، کۆمەلە چیرۆکەکەمی خستە قەفەسی تاوانبارییەوە، منیش ئەوەم پێ خۆش بوو، چونکە ناونیشانەکە کاریگەری خۆی کرد، ناونیشانی هەر بابەتێکی ئەدەبیش دەبێ وا بێت و زوو بگات، بەلام دەمەوێت شتێك بلێم ئەویش ئەوەیە من لە قەدەری خۆم هەلنەهاتووم، لەگەلئەوەشدا ئەگەر لە هەلبژاردنی رەگەزی خۆم سەربەست بومایە، ئەو مێینەم هەلنەدەبژارد، کە لە کۆمەلە چیرۆکەکە دەرکەوتووە، کە وا لێکردم لە گەلێ هەناسەم روح وهەست و خوێندنەوەم لە جیهانێك تێکەلێ بێت، کە هەر لەو جیهانە تورە دەبین و، ئاشت دەبینەوە، دواجار دەکەوینە ناو هەنگوینی جۆشو خرۆشەوە، من ئەو کتێبەم بە نەفەسی ئافرەتێك نووسیوە، کە روخسارو ناخی چەندین ئافرەت لە خۆی دا کۆبکاتەوە" هەندێك لە ئافرەتانی عەرەب، لە رۆمان وچیرۆکنووسیندا، ناوبانگێکی جیهانیان وەرگرتووە، لەوانە رۆمانەکەی ئەحلام موستەغانمی زیاتر لە جارێك بە چەندین زمان چاپکراوە، ئەمان ئەزمونی رۆماننووسی هەر یەکە لە نەوال سەعداوی و ئەحلام موستەغانمی بە ئەزموونێکی مەزن وەسف دەکات، لەگەلئەوەشدا ئەمان بڕوای بە ئەدەبی ئافرەتان نییە،کە کەسانێك هەن لە ناو ئەدیبە عەرەبەکان وەك چەمکێك بەکار دەهێنن، ئەمان وتی" ئەدەب هەر ئەدەبە نە بە نوونی نیسوەی ژنە، نە بە ئەلفی ئیتلاقی پیاوە، هەستو سۆز لە لای هەموومان هەیە، لەوانەیە هەندێك جار ژن زیاتر تەعبیر لەوە بکات کە لە ناخی هەیە، کە دەلێم لەوانەیە، مەبەستم ئەوەیە زۆرجار پیاوان زیاتر لە ژن تەعبیریان لە ژن کردووە، لەوانە شاعیری گەورەی سوریا نزار قەبانی بوو، کە زۆر رووبەرووی رەخنەش بۆوە بەلام ئێستاش لە لایەن زۆربەی ژنان چاکترین شاعیرە، سەبارەت بە

نەوال وئەحلام هەردووکیان دوو ئەزموونی مەزن بوو، لەگەڵ ئەوەی هەریەکەیان لە زەمەنێك بوو، لەگەڵئەوەشدا دونیایەکی مێینەی یاخی بوون".

ئەمان ڕێبازی خۆی لە نووسین ئاشکرا کرد، ئەو ڕێبازی واقیعیانە پەیڕەو دەکات، ئەوەش ناشارێتەوە، کە ئاگاداری ئەدەبی کوردییە و زۆریش بە نووسەری کورد سەلیم بەرەکات سەرسامە، ئەمان سەید وتی"زیاتر لەوەی هەستم پێدەکەی، من واقیعیم، من هەموو ڕوویەکی ئافرەت لە خۆوە دەگرم، ئەوەش بە نووسینەکانمەوە دیارە، من ئافرەتم وەك دایك وەك عاش وەك کارکەر وەك یاخی وەك ئافرەتێك زۆر تەموحم، زۆریش ئاگادارم، بیرۆکەیەکیشم لە سەر ئەدەبی کوردی هەیە، بە بروای من ئەدەب چەند زوو بگات، ئەوە ئەدەبێکی ڕاستەقینەیە، ئەدەبی کوردی نامۆبوون ونکولی لێکراوی نەتوەی کوردی پێوەدیارە باس لە کیەنەتیەکانی ئەو نەتەوەیە دەکات، من شیعرەکانی کەژال ئەحمەد و ئاخێن ولاتم خوێندۆتەوە، شیعرەکانی مستەفا سەعید ونووسینەکانی سەلیم بەرکاتم خوێندۆتەوە، سەلیم بە بەهرەی زمانەکەی وغەزارەتی شیریەتی خۆی دیلم دەکات، ئەدەبی کوردی رۆشن بۆیە زوو دەگکاتە دڵم خۆشم دەوێت".

کە ئەمان قسە لە سەر سەلیم بەرەکات، هەست دەکەیت، زۆر تێکەڵی سەلیم بووە، ئەو ژنە چیرۆکنووسە سەلیم بەرەکات بە ساحیرێکی جەربەزە وەسف دەکات، ئەمان وتی" سەلیم ساحیرێکی سەرکێشە، هەموو هەستێك لەو وشانەی کۆدەبێتەوە، کە لە غەیبەوە دەیانخوازێت، بەرەو دونیایەکی ترم کێش دەکات، کاتێك دەیخوێنمەوە، کاتێك ژیانی خۆی دەنووسیتەوە، کاتێك باسی منداڵی خۆی دەکات، کاتێك باس لە پەیوەندی نێوان خۆی وشتەکان دەکات، بە زمانێك دەنوسێت، وا هەست دەکەم باسی لە من وخۆی دەکات"

ئەمان لە گەمەی سیاسەت تێناگات، لەگەڵئەوەشدا دەڵێت"سیاسەت لە وڵاتانی عەرەب بۆتە نانی سێ ژەمەمان" ئەمان بەشی زمانی عەرەبی تەواو کردووە، لە خوێندنەوەیدا، کۆن ونوێی لە ئەدەبی عەرەبیدا کۆکردۆتەوە، ئەمان وتی" سیاسەت بۆتە نانی سێ ژەمەمان، بە تایبەتی بۆ رۆشنبیرانی عەرەب، بەڵام من لە یارییەکانی تێناگەم، هەرچەندە زۆر ڕوون وئاشکران، من تەنها بەوە واز لە شتەکان دەهێنم، کە دڵم بەر لە عەقڵم بریاری بۆ بدات، بۆیە لە سیاسەت دوورم، مەحمود دەرویش بەبڕوای من باڵایەکی سەرکەش بوو، بە دوای سێبەرەکەی کەوتم، ئەوجا بەسەریشم زاڵ بوو، لە تارمایی ئیلهام غەرقم دەکات، کاتێك تێکەڵی پیتەکانی دەبم، ناتوانم بەرگری لە خۆم بکەم".

لە نێوان کلاسیك وئەدەبی نوێدا، ئەمانمان خستە بەرامبەر دوو ئەزموونی ئەدەبی عەرەبی، یەکیان مەنفەلۆتی بوو، کە خاوەنی کتێبی نەزەراتە، لە ئەدەبی سوریدا ناسراوە، بە پەرەپێدەری ژانری وتار دەزانرێت لە ئەدەبی عەرەبی دا، دووەمیشیان ماغوت بوو، کە خاوەن کۆمیدیایەکی رەشە لە ئەدەبی عەرەبیدا، هەردووکیشیان سوورین، ئەمان وتی" لە منداڵی لەگەڵ نووسینەکانی مەنفەلۆتی ورۆمانسیەت ومیسالیەتی ئەو ژیاوم، ڕەگەرە یەکێك لە بنەماکانی

**وجودی مـن بێـت وەك نووسـەر، مـاغوت لـە رروحـی ئینسـایەتەوە نزیکـە، بـە هـەموو شـکڵەکانی حوزنی  ئەو پیاوە سەرسامم، ئەو حوزنە ئەوی کردە ئەدیبێکی جیا لە هەمووان.**